# هونەری نوێ لەڕوتاندنەوەی گیرفانی کرێکاران و کاسبکاران

## زمناکۆ عزیز

ماوەیەکی زۆرە کە هەردوو کۆمەڵەی کاسبکارانی کوردستان و پیشەوەرانی چاکسازی ئۆتۆمبێل، هەڵئەسن بە دەرکردنی مۆڵەتی پیشەیی بۆ خاوەن کارەکانی ناو بازاڕ و ناوچەی پیشەسازی و سەرجەم ئەو دوکاندارانەی کە پێویستیان بە مۆڵەتی کارکردن هەیە. دیارە کە ئەم کارە ئەبێت لەڕێگەی وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتیەوە و لەلایەن سەندیکای کرێکاران و پیشەوەرانەوە ئەنجام بدرێت، بەڵام بێ گوێدانە ئەو بارە یاساییە هەردوو کۆمەڵەی ناوبراو هەڵئەسن بە پێدانی ئەم مۆڵەتە و لەوەش سەیرتر ئەوەیە کە پارێزگاری سلێمانیش ئیمزای لەسەر ژمارەیەك لەم مۆڵەتانە کردوە. دیارە کە ئەم مەسەلەیە هەروا سادە نیە و بەخاتری ئاسانکاری بۆ کرێکاران و پیشەوەران ئەنجام نادرێت، بەڵکو لەپرۆسەیەکی پارە کێشانەوەدا بەسەمەر ئەگات. چۆن؟ بۆئەوەی کە مۆڵەتی کارکردن لەیەکێك لەو دووکۆمەڵەیەوە وەربگریت، ئەبێت ئەندامی یەکێکیان بیت، وەبۆئەوەیشی کە ئەندام بیت ئەبێت ئابونەی ساڵانە بدەیت، هاوکات ئەبێت پێناسی کۆمەڵەت ببێت و ئەمیش دیسان لەبەرامبەر برێکیتر لەپارەدا پێت دەردرێت، وە بۆ خودی مۆڵەتەکەش دیسانەوە بڕێك پارە لە دوکاندار یان کاسبکار وەردەگیرێت، ئەمە بێجگە لەو مەسروفاتانەی کە بەهۆی بیرۆکراسیەتی ناو ئەم دەزگایانەوە بەفیڕۆ ئەچێت، یان دروستتر بڵێم لەکیسەی کرێکار و کاسبکار دەرئەچێت. وەنەبێت کە ئەم کۆمەڵانە تەنها بۆ کەسێك یان دە یان سەد ئەم مۆڵەت و ڕێکخراوانەیان دامەزراندوە، بەڵکو هەزاران دوکاندار و کرێکار و کاسبکار لەدوکانەکانیاندا ئەم مۆڵەتانەیان هەڵواسیوە و ئەو بڕەپارانەیان لێسەندراوە، کە بەچەندین ملیۆن دینار مەزەنە ئەکرێت و کەس نازانێت و کەسیش بۆی نیە بپرسێت کە بۆچی خەرج ئەکرێت؟. تائێرەش مەسەلەکە ڕەنگە سادە بێتە بەرچاو و بەبەراورد لەگەڵ گەندەڵی و تاڵان و بڕۆکانی تردا زۆر کەمە و بچوکیشە، بەڵام دیوێکی تری مەسەلەکە ئەوەیە کە وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی لەگەڵ سەندیکای کرێکاران و پیشەوەران نارازین بەم ڕەفتارەی هەردوو کۆمەڵەی ناوبراو و پشتیوانی پارێزگای سلێمانی لێیان، ئەوەتا لە بەرواری 2007/1/15 بەنوسراوی ژمارە(18) سەندیکا نارەزایی دەرئەبڕێت و لە بەرواری 2007/1/24 بە نوسراوی ژمارە 435 وەزارەتی کار وکاروباری کۆمەڵایەتی کە ئاراستەی سەرۆکایەتی شارەوانی سلێمانی کراوە پشتیوانی لە ناوەڕۆکی نوسراوەکەی سەندیکا ئەکەن و لەبەشێك لەو نوسراوی پشتگیریەدا هاتوە:"بەپێی یاسای (مۆڵەتی پیشەگەری) ژمارە(18)ی ساڵی 1987 ئەو مۆڵەتانە لەلایەن بەڕێوەبەرایەتیمانەوە (مەبەست لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کار ودابین کردنی کۆمەڵایەتی) دەرئەچێت".

بۆیە سەرجەم ئەو پارانەی کە لەو کاسبکار و دوکاندارانە وەرگیراوە بەشێوەی ناقانونی و نائسولی بووە و ئەبێت بۆیان بگێڕدرێتەوە، هاوکات هەردوو کۆمەڵەش ئەبێت لەلایەن دادگاوە لێپێچینەوەیان لەگەڵ بکرێت لەسەر یاسا شکێنی، هاوکات ئەبێت پارێزگاری سلێمانیش ڕۆشنی بکاتەوە کە بەنەزانی ئەم کارەیان کردوە، یان ئەمانیش هۆکاری تایبەتی خۆیان هەبووە.

هاوپێچ لەگەڵ ئەم نوسراوەیەدا، دەقی نوسراوەکەی بەڕێوەبەرایەتی گشتی کار ودابین کردنی کۆمەڵایەتی لەگەڵ دوونمونە لەو مۆڵەتانەی کە لەلایەن هەردوو کۆمەڵەی ناوبراوەوە دراوە، کەیەکێکیان ئیمزای پارێگاری سلێمانی لەسەرە دەخەمە بەرچاوی خوێنەران.